# دیسان کوشتنی کیژۆڵەیەکی تەمەن 11ساڵ

## سەلام عەبدوڵلا

لەم رۆژە(2007/8/23) کە ئەنجومەنی شاری خانەقین بە کۆی دەنگ بڕیاری دا لەسەر ئەوەی شەقامێك بەناوی سار(11ساڵ)، ناوبنێن، هەواڵی کوشتنی کیژۆڵەیەکی تر بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە لیڤەرپول(لەندەن). بە گوێرەی تازەترین هەواڵ لەسایتی(یاهو. دی ئی)بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها لە شاری لەندەن، لەسەرەتای ئەمساڵ تا ئێستا 17کچ کوژراوە.

ئێمە لە سەردەم و سیستێم وجیهانێکی زۆر ترستاك دەژێین و رۆژ نییە لە کەناڵەکانی راگەیاندن هەواڵی کوشتن و بڕین بەتاك و کۆی هەزاران کەسی بێتاوان نەبینین و نەبیستین.

تاوانەکان تەنها بە چەك ئەنجام نادرێن، بەڵکە بە قەڵەم(نووسەر فاشیست، و لیبڕاڵەکان، بە بیروباوەڕ(قوتابییەکانی نیتشە و هاویدەگەر و سلۆدەردایك...هتد)، بە وێنە(پۆرنۆگرافی)، بە هەواڵ نووسین(شاردنی رووی درژی چەوسانەوەو چەوساوەکان)و پاشان بە چەکی فرە جۆر.

لێرەبێت یان لەوێ، دەسەڵاتی باوکسالاری، رفاندن، زەوتکردن و کوشتنی ژنانی لێ دەبێتەوە